سەماحەتی حەکیم لە دیداری شاندی نەوەی نوێ گرنگی یەکلایی کردنەوەی شایستەکان و پتەوکردنی تەواوکاری نێوان دەستەڵاتەکان و پاڵپشتی کردنی گفتوگۆ دووپات دەکاتەوە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە شاندێکی نەوەی نوێ بەسەرۆکایەتی خاتوون سروە عەبدولواحید کرد.

لەم دیدارە سەماحەتی گرنگی هەماهەنگی کردنی لەنێوان هەردوو دەستەڵاتی تەنفیزی و تەشریعی بۆ بەرژەوەندی گشتی دووپات کردەوە و بە باشی زانی شایستە دەستوورییەکان تەواو بکرێن و حکومەتی تازە پێك بهێنرێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕکا بەرییەکان ببنەوە و ئەرکەکانی سەر عێراق کەمتر بکەنەوە، هەروەها ڕێگا خۆشبکرێت بۆ ئەوەی دامودەزگاکان خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن.

هەروەها سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی ئاستی یەکڕیزی نێوان کوتلەکان و نزیککردنەوەی بۆچوونەکان کردەوە سەبارەت بە یاسادانان و یاسا گرنگەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهاوولاتیانەوە هەبێت و هەروەها ئەو یاسایانەی پێویستن بۆ تەواوکردنی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق و دامودەزگاکانی، هەروەها داوای کرد کە دیالۆگ و گفتوگۆ وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی پەیڕەو بکرێت.
لەکۆتاییدا سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە شەڕی بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەکۆتا بێت و گوتیشی ئەو شەڕە کاریگەری گەورە و قورسی بەسەر ناوچەکە و هەموو جیهان هەبووە و عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی زیانی زۆری بەردەکەوێت...